هاوڕێی بەڕێز کاک جەعفەر ئێلخانی‌زادە، سڵاوێکی گەرم.

تکایە زەحمەت بکێشە ئەم نامەیە بۆ ئەندامانی خۆمان لە مەڵبەندی سکاندیناوی بەڕێ بکە. هەروەکوو دیارە نامەکەی من لە وەڵامی نامەی ئەو چوار هاوڕێیە دایە کە پێشتر بۆ منیان نووسیبوو و دوایە لە کۆنفرانسی مەڵبەند لەنێو ئەندامان بڵاویان کردەوە.

بە سوپاسەوە،

عەبدوڵڵای موهتەدی

1ی فێبرواری 2007

هاوڕێیانی بەڕێز کاک هێرش عەلیزادە، حسین پەناهی، سەعید سەرهەنگی و سەلاح رەحیمی

سڵاوێکی گەرم.ماندوو نەبن.

کاتێک ئێوە چوار کەس لە هاوڕێیانی کۆمەڵە لە سکاندیناوی لە مانگی دێسامبردا ئەو نامەیەتان بۆ من نووسی، سوور دەمزانی کە ئەو نامەیە بۆ بڵاو کردنەوەی دوایی و بۆ "افشاگری" لەسەر خۆم نووسراوە. هەر ئەوەشم بە ژمارەیەک لە هاوڕێیان ڕاگەیاند. زۆری پێنەچوو پێشبینییەکەشم هاتە دی و ئێوە لە ساتەکانی کۆتایی کۆنفرانسی مەڵبەندی سکاندیناویدا نامەکەی خۆتان لەسەر من بڵاو کردەوە. قسەکانی کاک هێرشیش لەو کۆنفرانسە کە: ئەگەر کاک عەبدوڵڵا وەڵام نەداتەوە و هەڵوێست وەرنەگرێ نامەکانی ئەویش بڵاو دەکەینەوە، هەر تەئیدی ئەوە دەکا کە بەرنامەتان ئەوەیە کە ئەم جارە شەڕەنامە لە گەڵ خۆم دەست پێبکەن چونکە بەخەیاڵی خۆتان وەختی ئەوە هاتووە کە وردە وردە نووکی تیژی هێرشەکەتان بخەنە سەر من. دەنا ئەگەر هەر لە بنیاتەوە نامەکەتان بۆ "افشاگری" و لەقاو دان نەنووسیبوو، بە چ هەقێک و بە چ ئەخلاقێک نامە بۆ من دەنووسن و دوایە، تەنانەت بەبێ ئاگادار کردنەوەی خۆم، نامەکە بڵاو دەکەنەوە؟ بۆچی مەگەر نامەی کراوەتان بۆ من نووسیبوو؟ بەڕاستی ئەوە چییە ئێوە ماوەیەکە کردووتانە بە مۆد کە نامە بۆ من یا بۆ مەرجەعێکی حیزبی دیاریکراو دەنووسن و دوای ماوەیەک بۆ هەمووان بڵاوی دەکەنەوە؟ بەگشتی، ئایا ئەو نامەپەڕاکەنییەی ئێوە لە ماوەی یەکساڵی ڕابوردوودا کردووتانە بە پیشە، بێجگە لە بڵاو کردنەوەی تۆوی دوودڵی و دڵکرمۆڵی و دووبەرەکایەتی لە نێو کۆمەڵەدا و دروست کردنی فەزای ناتەبایی و قسەلێکهەڵبەزینەوە سوودێکی دیکەی هەبووە و هەیەتی؟ ئایا دەزانن لە کەنگێوە من دۆستانە و دڵسۆزانە داواتان لێدەکەم کە لەو نامەپەڕاکەنییە و لەو شەڕەنامەیە دەست هەڵگرن و ئێوە گوێتان نەداوە؟

ئێستاش کە جوابتان دەدەمەوە، ئارەزووی من و خواستی من نییە. ڕێگەیەکی دیکەتان بۆ نەهێشتوومەتەوە. سەرەڕای ئەوەی نامەکەتانم پێ ناهەق و لەباری ناوەرۆکەوە پێم نادروست بوو، پێشم بەئەنقەست و بەمەبەست بوو، بەڵام بەڕاستی خوازیاری ئەوە نەبووم وەڵامتان بدەمەوە ودەمەویست بێدەنگەی لێبکەم. کە دەوری مانگ و نیوێک پێش ئێستا نامەکەتانم پێگەیشت، لە دڵی خۆمدا دەمگوت یا لە قسەیەکی حزووریدا یان لە نامەیەکی خۆماڵیدا وەڵامێکیان دەدەمەوە. ئەو جۆرە وەڵام دانەوە خۆماڵییەشم هەر بەئەنقست خستە دواوە تا لە کەش و هەوایەکی خۆشتردا باسی بکەم، کەچی وادیارە ئێوە خۆتان بە باقیدار دەزانن و ئێوە دەست هەڵناگرن. بە بڵاو کردنەوەی ئەو نامەیە کەراستەوخۆ ڕووی لە خۆمە و پڕیشە

له چەواشەکاری و قسە و ئیدیعای ناهەق و تێزی سیاسیی حەلەق مەلەق، ئێوە ناچارم دەکەن بەپێچەوانەی ویستی خۆم وەڵامتان بدەمەوە و ئەو قسانەی رەنگ بوو تەنیا لەگەڵ خۆتان و بەشێوەی خۆماڵی پێتان بڵێم، کە من مەعموولەن هەر ئەو شێوەیە هەڵدەبژێرم، ئێستا مەجبوورم بە بەرچاوی هەموانە وەڵامتان بدەمەوە. گلەیی لە من مەکەن، لە خۆتانی بکەن. با ئەوەش زیاد کەم کە لەوانەیە هەمووتان ئەوانەی نامەکەتان ئیمزا کردووە لە هەموو راونەزەرەکان یا کردەوەکاندا شەریک نەبن، بەڵام چونکە هەر چوارتان پێکەوە نامەکەتان ئیمزا کردووە، بۆیە بەهەرحاڵ دەبنە موخاتەب و بەردەنگی ئەم نامەیەی من.

هاوڕێیان، ئێوە لە نامەکەتاندا کۆمەڵێک شت دەنووسن کە سوور سوور ناراستن و بۆخۆتان لە من چاکتر دەزانن کە بەپێچەوانەی راستییەکانن. دەنووسن: "دیارە ئێمە لە هەل و مەرجی کۆنگرە و لە سێمینارە جانبییەکەدا زانیمان کە تۆش هەر وەکوو ئێمە پێت باشە ئەساسنامەی کۆمەڵە و بەتایبەت بەندی یەکی بگۆڕدرێ... بەداخەوە پێشتر هیچ شتێکمان لەو بابەتەوە لێت نەبیستبوو، ئەگینا بەتێڕادیوی داوامان لێدەکردی کە تۆ مەسەلەکە بێنیە گۆڕێ و ئێمەش دەنگی خۆمان بدەینە پاڵ دەنگی تۆ."

نازانم خۆشیی بڵاو کردنەوەی قسەی ناڕاست چییە؟ ئاخر کاک هێرش و کاک حسێنی پەناهی، ئێوە بەچەند رۆژ پێش کۆنگرە نەهاتن بۆ ماڵەکەی من و لە دیوی کارەکەی من دانەنیشتین و لەوێ کاک هێرش شەخسی خۆت نەتوت: "ئێمە هەر وەختی خۆی لەلایەن یەکێك لە هاوڕێیانی دەفتەری سیاسییەوە ئاگادار کرابووین کە تۆ لە کۆبوونەوەیەکی دەفتەری سیاسیدا باسی گۆڕینی ئەساسنامە و بەندی یەکت کردووە. بەخەیاڵی خۆمان لە خەتی تۆ دیفاعمان کردووە و پێمان باش بوو ئێمە ئەو باسە بکەین نەکا قسەیەك بە تۆ بڵێن با ئێمە ببینە بەر پەڵ نەك تۆ؟" بۆ وەبیر هێنانەوەتان دەڵێم تەنانەت کە باسی ئەو کەسەی دەفتەری سیاسیت کرد کە قسەکانی منی لەسەر ئەساسنامە بۆ باس کردووی، پێکەنینێکیشت کرد بەنیشانەی ئەوەی هەر دووکمان دەزانین ئەو کەسە کێ بووە. وا نەبوو؟ نەتگوت ئێمە هەر ئەوکات لەلایەن یەکێك لە ئەندامانی دەفتەری سیاسییەوە نەزەرەکەی تۆمان لەسەر ئەساسنامە بیستووە؟ نەتگوت کە بۆیە ئەو باسەتان مەترەح کردووە تا بەخەیاڵی خۆتان دیفاع لە خەتی من بکەن با من نەبمە بەرپەڵ؟ لە ماڵەکەی خۆم لە گەڵ حوسێنی پەناهی ئەو قسانەت نەکرد؟ ئەی چۆن لە نامەکەتاندا دەنووسن کە پێشتر هیچ شتێکتان لەو بابەتەوە نەبیستبوو و لە دەوروبەری کۆنگرە پێتان زانی کە باسێکی ئاوا لە ئارادایە و منیش وەکوو ئێوە لایەنگری گۆڕانی ئەساسنامەم؟ خۆ گرینگ نییە کێ لە هەوەڵەوە باسێك بکا، گرینگ ئەوەیە باسەکە چی بێ. بەڵام مەبەستم تەنیا ئەوەیە کە نیشان بدەم ئیدیعاکەتان لە نامەکەتاندا ناڕاستە، بۆخۆشتان دەزانن ناڕاستە، بەڵام مەبەستتان لە بڵاو کردنەوەی ئەو ئیدیعایە هەیە و دەتانەوێ مێژووی رووداوەکان بۆ مەبەستی تایبەتیی خۆتان بگۆڕن. بێجگە لەوە، ئەمە چ جۆرە پرەنیسپێکی ئەخلاقییە ئێوە هەتانە کە لە دوو بەدوویی و لە عالەمی خوسووسیدا خۆتان بە پەیڕەوی خەتی من دەزانن و دەڵێن خۆمان دەکەین بە بەرپەڵی تۆ، بەڵام بەنامە و لەبەرچاوی خەڵکی بەگژمدا دەچن؟

خاڵێکی دیکە لەو نەوعە، بریتییە لە شکایەتی ئێوە وەکوو کۆمیتەی مەڵبەندی پێشووی سکاندیناوی لە کاك ئەبووبەکری مودەریسی بەرپرسی پێشووی رێکخراوی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات، کە لە نامەکەتاندا وانیشان دەدەن کە گۆیا هەر ئێوە ویستووتانە بەو شکایەتە رەسیدەگی بکرێ و هەر ئێمە نەمان کردووە و

هیچی دی. دەنووسن: "پاش مانگها، سەرەڕای دانیشتنت لەگەڵ کۆمیتەی مەڵبەند و هەموو قەول و قەرارێك کە پێت داین بۆ لێکۆڵینەوە لەو کێشەیە، سەرەنجام بێدەنگیتان لێکرد." لە درێژەدا تەوس و قسەی بەتوێکولێشتی لێ زیاد دەکەن و دەڵێن: "ئێمە بۆمان جێی پرسیارە ئێوە چلۆن تەشکیلاتداری دەکەن و رەهبەری بەلای ئێوەوە دەبێ چ مانایەکی هەبێ، ئەگەر گوێ لە کەند و کۆسپ و گیرەکان نەگرن؟"

لێرەشدا بەڕاستی نازانم چیتان پێ بڵێم. ئاخر هاوڕێیان، وەختێك لە مانگی ژوئەنی ساڵی 2006 من هاتم بۆ ستۆکهوڵم و لەوێ کۆبوونەوەم لەگەڵ ئێوە کرد، مەگەر هەر لەوێ پێم نەگوتن ئەگەر منتان وەك حەکەم قبووڵە ئەوە من حازرم هەر لێرە رەسیدەگی بەو کێشەیە بکەم و ئەگەریش دەتانەوێ کۆمیتەی ناوەندی رەسیدەگی پێ بکا، دەبێ بزانن کە ماوەیەکی پێدەچێ؟ مەگەر ئێوە بۆخۆتان نەتانگوت کە تەرجیح دەدەن کۆمیتەی ناوەندی رەسیدەگی پێ بکا؟ (کە من هیچ ئیرادێکم لەوەدا نەدەبینی و مافی خۆتان بوو.) منیش بەدوای چوونەوەم بۆ کوردستان مەسەلەکەم لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی هێنایە گۆڕێ و ئەوانیش، هەروەکوو دەزانن و خەبەرمان پێ دانەوە، کاك عومەر و کاك بەهمەن و منیان وەکوو کۆمیسیۆنێك بۆ ئەو مەبەستە هەڵبژارد. ئێمەش وامان دانابوو کە لە کاتی هاتنەوەتان بۆ کۆنگرە لەگەڵ ئێوە و کاك ئەبووبەکر دانیشین و لە نزیکەوە مەسەلەکە بېڕینەوە. (بۆ ئاگاداریشتان، تەنیا ئێوە نەبوون و نین کە خوازیاری رەسیدەگی بەو کێشەیە بوون، کاك ئەبووبەکریش هەم بە زمان و هەم بە نامە چەندین جار ئەو داوایەی کردبوو. چونکە ئەویش قسەی لەسەر ئێوە هەبوو و هەیەتی کە پێی باش نەبوو ئیبتیدا بە ساکن لەلایەن خۆیەوە بیکاتە کێشەیەك بەڵام ئامادە بوو لە وەڵام دانەوەدا قسەکانی خۆی بکا.) مەگەر بۆخۆتان بەدوای کۆنگرەدا هەر لە کوردستان هەم لای کاك عومەری ئێلخانیزادە و هەم لای کاك ئەبووبەکری مودەریسی نەتانگوت کە ئێمە چیدی شکایەتێکمان لە کاك ئەبووبەکر نییە؟ من شەخسەن ئەو قسەی ئێوەم لە کاك عومەری ئێلخانیزادە بیستووە. ئێوە هەم چوونە ماڵی کاك عومەر و هەم کاك ئەبووبەکرتان لە کوردستان بینی و لە هەر دووك شوێن راتان گەیاند کە دەستتان لە شکایەتەکەی خۆتان هەڵگرتووە. ئەگەر وانەبووە، بڵێن وانەبووە تا لەگەڵ کاك عومەر و کاك ئەبووبەکر بەرەوڕووتان کەمەوە. بەڵام ئەگەر وابووە، کە بۆخۆتان لە من چاکتر دەزانن وابووە، ئەی بۆچی رێك بەپێچەوانەکەی دەنووسن و لەنێو ئەندامانیش بڵاوی دەکەنەوە؟ نوکتەی خۆش ئەوەیە کە کاك ئەبووبەکر هەر ئەوکات کە راتان گەیاندبوو دەستتان لە شکایەتەکەتان هەڵگرتووە، داوای لێکردبوون ئەو مەسەلەیە بە کەتبی بنووسن. هەروەها لە قسەوباس لەگەڵ کاك عومەریشدا کاك ئەبووبەکر هەر ئەو داوایەی کردبوو و گوتبووی من دەیانناسم ئێستا دەڵێن دەستمان هەڵگرتووە بەڵام ئەگەر بەکەتبی نەینووسن دوایە دەست پێدەکەنەوە. دیار بوو بەڕاستی ئەو ئێوەی چاکتر ناسیبوو. من لێتان دەپرسم ئاخر بۆ چ مەبەستێك ئێوە قسەی ئاوا ناڕاست دەکەن و بڵاویشی دەکەنەوە؟ کەسێك مەبەستی چاکی هەبێ قسەی ئاوا و کاری ئاوا دەکا؟ ئێستاش مادام بۆخۆتان جارێکی دیکە و لەو نامەیەتاندا رادەگەیەنن کە خوازیاری رەسیدەگی بەو کێشەیەن، زۆر باشە رەسیدەگی پێدەکەین.

بەشێکی گرینگی ئەو نامەیە لەراستیدا بۆ هەڕەشەی بەتوێکوڵ لە من و لە رەهبەریی کۆمەڵە تەرخان کراوە. جالب ئەوەیە لە بارەی خۆتانەوە دەڵێن کە "ئێمە وەکوو هەمیشە بەپێی مەسڵەحتی کۆمەڵە بێدەنگیمان هەڵبژاردووە" کە مانای تەلویحییەکەی ئەوەیە کە مەرج نییە هەمیشەش ئەو بێدەنگییە بپارێزن و

لەوە بەولاوە دێنە قسە. عەجەب، یانی ئەوە بێدەنگیتان هەڵبژاردووە ئاوا دەکەن؟ ئێوە زیاتر لە ساڵێکە، بەپێچەوانەی هەموو داوا و ئامۆژگارییەك لەلایەن خۆم و زۆر کەسەوە، ئەو مەڵبەندەی سکاندیناویتان کردۆتە جێگەی شەڕەنامە. هەروەها نامەکەتان پڕە لە قسە و تۆمەت بۆ رەهبەریی کۆمەڵە و کۆمەڵێك بەرچەسپی بێبنەما وەکوو "لێنەهاتوویی و ناکارامەیی"، ""خۆ گێل کردن لە کێشەکان لەبەر مەسڵەحەتی کاتی و جیناحی"، "ناشەفافییەت"، "بەندبازی و بێشەهامەتی"، "لەسەر دوو کورسی دانیشتن"، "جێگەی جوربوزە خاڵییە"، "پێچ و پەنا و جەبهەگیری لەسەر ئەساسی مەحفەلی و رەفاقەت"، "مەحفەلبازی و نان بەیەکتر بە قەرز دان"، "حەزف"، "هەوڵێکی ناسالم و هەلپەرستانە لە هەڵبژاردنی دەفتەری سیاسی"، "زۆرینە بوونێکی کاتی و کازب"، "پلێنۆمی پاش کۆنگرە سێبەری رەشی بەسەر تەشکیلاتدا کێشاوە"، "بۆ کام مەبەست و کام قازانجە کە رەهبەری حازرە کۆمەڵە فیدا بکا"، "بۆتە سوننەت کە لە رەهبەری دانیشتن ئیمتیازە لەجیات مەسئوولییەت" و شتی لەو بابەتە. بۆ بەتەمان ئەگەر بێدەنگیتان شکاند، لەوانە زیاتر چی بلێن؟ بۆ نەیارەکانمان لەوانە زیاترمان پێ دەڵێن؟ من قەت ناڵێم رەخنە لە رەهبەریی کۆمەڵە بەگشتی یان لە شەخسی خۆم بەتایبەتی نەگیرێ، ئەمە مافێکی ئەندامان و هاوڕێیانی ئێمەیە و نیشانەیەکی نوێخوازی و پێشکەوتنخوازیی کۆمەڵەیە، بەڵام ئاوا تۆمەتی ناڕەوا و بەرچەسپ لێدان و قسەی بێبەڵگە و تەنانەت ناڕاست دەرهەق بە کۆمەڵە و بە رەهبەرییەکەی بەڕاستی نە لە خزمەت کۆمەڵە و انسجامی و گەشە کردنی دایە، نە لە خزمەت بیروباوەڕی چەپ و پێشکەوتنخواز و نە لە خزمەت بزووتنەوەی گەلی کورد و خەڵکی کوردستاندا.

لە بەشێك لە نامەکەتاندا دەنووسن: "بەشێك لە وتوویژەکەی جەنابت لەگەڵ حەفتەنامەی ئاسۆ کردووتە، بەبڕوای ئێمە جێگای رەخنەیە. لە وەڵامی بە پرسیار سەبارەت بە گۆڕینی بەندی یەکی ئەساسنامەیە. بۆ ئێمە کە باسەکەمان بە راشکاوی درکاند و وا دیارە کە لە دەرەوەی تەشکیلاتیش دەنگی داوەتەوە، هیچ حیسابێکت نەکردووە !" ئایا لەو وتانەوە بەتەواوی دەرناکەوێ کە ئێوە باسی سەبارەت بە کێشەی ئەساسنامەتان لە دەرەوەی تەشکیلات درکاندووە و بڵاوتان کردۆتەوە و شانازیشی پێوە دەکەن؟ ئایا جێی خۆی نییە بپرسم بە چ هەقێك ئێوە کێشە یا باسێکی نێوخۆیی لەسەر پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە یان لەسەر هەر شتێکی دیکە دەدرکێنن؟ وا دیارە هەستی غورور و سەرکەوتنیشتان هەیە لەوەی کە "بەڕاشکاوی" باسەکەتان درکاندووە و "وا دیارە لە دەرەوەی تەشکیلاتیش دەنگی داوەتەوە". دەکرێ لە ئێوە بپرسم کێ ئیجازەی بە ئێوە دا بیدرکێنن و دەنگی پێبدەنەوە؟ ئاخر بۆ خەڵك لە حیزبەکەی خۆتان فێر دەکەن و زمانی خەڵك لە حیزبی خۆتان دەکەنەوە؟ بۆ تەسویری حیزبێکی تووشی ناکۆکی و دووبەرەکی "بەراشکاوی لە دەرەوە دەدرکێنن"؟ ئەگەر پێویستیش بێت باسێکی نەزەری و سیاسیی حیزب لە دەرەوە باس بکرێ، بەچ هەقێك ئێوە سەربەخۆیانە لەو بارەیەوە بڕیارتان داوە؟ ئەوانەی ئێوە بەزمانی خۆتان دەڵێن کردووتانە، حەرەکەتگەلێکن بەدژی انسجام و بەدژی نهێنیپارێزی و ئێوە بێگومان تێیدا بەرپرسن. هەر لەم نەوعە "درکاندنی راشکاوانە" بوون بە هۆی ئەوەی کە بەدوای کۆنگرەی یازدەدا چەندین کەس، جالب ئەوەیە هەمووشیان لە روانگەیەکی دیاریکراوی دژی خەتی کۆمەڵە و سەرکردایەتییەکەی و کۆنگرەکەی، بەناوی خوازراوەوە لە ئینترنێت لەسەرمان بنووسن. خۆ کۆمەڵە بەو قسانە هیچی لێنەهاتووە و هیچیشی لێنایە،

بەڵام یەکێك لە ئیسلاحاتی پێویست بۆ کۆمەڵە بێگومان دەبێ ئەوە بێ کە ئەندامان و لایەنگرانیشمان فێر بن کە چلۆن شتە ناوخۆییەکان وەك گلێنەی چاویان بپارێزن، نەك بەحاڵ لە هەر شتێك ناڕازی بوون "ڕاشکاوانە بیدرکێنن".

دەنووسن: "لە پەیوەند لەگەڵ نامەی هاوڕێ کەریم کەریمی، یەکێك لە ئەندامانی کۆمیتەی مەڵبەند، تۆ وەڵامت بۆ کۆمیتەی مەڵبەند نووسیەوە کە تێیدا هەموومانت وەبەر ڕەخنە و گازندەی خۆت دا و لە هەمان کاتیشدا گەلێك تەوهینت کرد... کەوتینە بەر ئیتیهامی وا کە لە گێڕانەوەیان شەرم دەکەین." من لە دانیشتن لەگەڵ خۆتاندا لە کوردستان بۆم دەرخستن کە نامەکەی کاك کەریم کە تێیدا قسەی بێحورمەتانەی ناشیرینی بەرامبەر کاك ئەبووبەکری مودەریسی تێدایە، بەپێچەوانەی ئیدیعای خۆتان نووسراوەیەکی بەهەڵکەوت نییە، بەڵکوو نامەیەکی ناوخۆیی خۆتانە کە کاك کەریم چەند مانگ پێشتر نووسیویەتی و هەمووتان دیوتانە بەڵام دواتر بە هەڵە کلیك کراوە بۆ هەموو کۆمیتەی ناوەندی و ئێمەمانانیش پێمان زانیوە. نامەوێ بچمە ناو وردەکارییەکەی چۆنکە بەڕاستی پێم وا نییە باسی ئاوا ئەسڵەن پێویست بێ، بەڵام ئێستا کە ئێوە ئەو مەسەلەیەتان لە نامەکەتاندا بڵاو کردۆتەوە ناچار بووم ئاماژەی پێبکەم. بەپێچەوانەی قسەی ئێوە "گەلێك تەوهین"یشم نەکردووە، جۆرێکی وا دەڵێن "لە گێڕانەوەیان شەرم دەکەین"، وەکوو ئەوەی خوانەخواستە تەوهینی شەخسی و ناموسی تێدا بێ. نەخێر، هیچ شتێکی وا نییە، ئێستاش دەڵێم ئەوەی پێم گوتوون هەقی خۆتان بووە، ئەگەر بەباشی دەزانن دەتوانن ئەو نامەی منیش وەکوو نامەکانی دیکە بڵاو کەنەوە. ئاماژەیەکیش بەوە بکەم کە تا ئێستاش کاك ئەبووبەکر هیچ شکایەتێکی لە کاك کەریم نەکردووە و ناوەندیی کۆمەڵەش هیچ بەرخوردێکی بە کاك کەریم نەکردووە، بەڵکوو گەورەیان نەکردۆتەوە و لێی گوزەراون.

زۆر قسە و ئیدیعای دیکەش لە نامەکەتاندا هەیە کە بەداخەوە هەر لەو بابەتەن. بەڵام بێجگە لەو خاڵانە کە زۆرتر لەسەر شتی عەمەلی و تەشکیلاتی بوون، ئێوە کۆمەڵێك حوکم و تێزی سیاسیی سەیر و سەمەرە و بێ استدلالتان هەر وا لەنێوان دێڕەکانی نامەکەتاندا هێناوە کە هیچ بنەمایەکیان نییە و تەنانەت تەحریف کردنی مێژووی ئەم ساڵانەی کۆمەڵەشن و لێرەدا تەنیا بە سەرپێیی ئاماژەیان پێدەکەم.

دەنووسن: "کۆنفرانسی هەشتی کۆمەڵە و تەرحی بەرەی کوردستانی کە جوابدەرەوەی پێویستییەکی سەرەکیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، لە مەترەح کردنی کۆمەڵە وەك حیزبێکی جیدی لەلایەك، و لەلایەکی دیکە بۆ شاردنەوەی کێشەی ناوخۆی کۆمەڵە، دەورێکی گرینگی هەبوو."

تەرحی بەرەی کوردستانی بۆ شاردنەوەی کێشەی ناوخۆی کۆمەڵە؟ ئەمە چ قسەیەکە و لە کوێوە هاتووە؟ بەشاهیدیی هەموو بەشداربووانی کۆنفرانسی هەشت، ئەو کۆنفرانسە یەکێك لە تەباترین و سیاسیترین و سەرودڵخۆشترین کۆبوونەوەکانی ئەو ساڵانەی دوایی بوو. کام کێشەی ناوخۆیی بوو کە گۆیا دەبێ بەرەی کوردستانی دایمرکاندبێ یان داپۆشیبێ؟ ئەو شتە ئەسڵ و ئەساسی نییە و ئێوە لە نەبوو خەریکن بوختان بۆ کۆمەڵە دروست دەکەن. ئێوە خەریکن بە بەرچاوی هەموومانەوە مێژووی کۆمەڵە دەگۆڕن و مێژوویەکی نارەسەن و ناواقیعی بۆ دروست دەکەن. ئایا ئەوە قسەی نەیارانی ئێمە نییە کە لەسەر ئینترنێت و لەم لاولا

دەڵێن: کۆمەڵە بۆ شاردنەوەی کێشە ناوخۆییەکانی بەرەی کوردستانی هێناوەتە گۆڕێ؟ نەکا هەر ئێوەش ئەو تەحلیلە جوانەتان "بەراشکاوی درکاندبێ" کە دواتر "لە دەرەوەی تەشکیلاتیش دەنگی دابێتەوە؟"

دەنووسن: "تەسویبی ئاڵای کوردستان لە کۆنگرەی دەدا و ئەو بزووتنەوە سیاسییەی کە لە دەوری ئەو حەرەکەیە شکڵی گرت". لێرەشدا چەند شێواندنی مێژووی کۆمەڵە و چەواشەکاری و هەروەها تێزێکی سیاسی زۆر بێبنەما هەیە کە ناکرێ بێجواب بهێڵدرێنەوە. یەکەم، ئاڵای کوردستان لە کۆنگرەی دە تەسویب نەبوو، بە چەند مانگ پێش ئەوە و ئەویش دوای چەند مانگ قسە وباس و لێکۆڵینەوە لەنێو دەفتەری سیاسی و دواتر لەنێو کۆمیتەی ناوەندیی ئەو کاتی کۆمەڵەدا، سەرەنجام بەتێکڕای دەنگ لە لایەن ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەوە پەسند کرا. مەقالەیەکیش لە تەوزیحی ئەو هەڵوێستەدا لە "شۆڕش" ئۆرگانی ناوەندیی کۆمەڵە چاپ و بڵاو کرایەوە کە دەربڕی خەتی ڕەسمیی کۆمەڵە بوو. لە کۆنگرەی دە دا تەنیا چۆنیەتی کەڵك لێوەرگرتنی ئاڵا لە ڕۆژانی کۆمەڵە و لەسەر دەرەوازەی ئۆردوگا پەسند کرا. (لە سەر ئەوەش ڕوون کردنەوە پێویستە بەڵام لێرەدا لە بەیانی وردەکارییەکانی دەگەڕێم.) دووهەم، بزووتنەوەی سیاسیی لە دەوری ئاڵا یانی چی و کەی بزووتنەوەیەك لە کۆمەڵەدا لە دەوری "حەرەکەی ئاڵا" هەبووە؟ بەراستی من هەرگیز نەم بیستووە کە بەدوای کۆنگرەی دە دا ئێمە لە کۆمەڵەدا شاهیدی بزووتنەوەیەك لە دەوری ئاڵا بوویێتین. نازانم، مەگەر ئێوە چەند کەسێك بۆخۆتان "بزووتنەوە"یەکتان کردبێ، بەڵام بەراستی ئیدیعای هەبوونی بزووتنەوەیەکی ئاوا لەکۆمەڵەدا شتێکی بێئەساسە. بێجگە لەوە، ئەسڵەن ئەو جۆرە قسە و بەیانە چییە بەخشکە لە کۆمەڵەدا دەکرێ بەمۆد؟ ئەمە کەی ئەدەبییاتی کۆمەڵە و کەی شێوازی بیرکردنەوە و کەی فەرهەنگ و زمانی قسە کردن و نووسینی ئێمە بووە؟ لە کۆمەڵەدا بزووتنەوە لەسەر بنەمای بیروباوەر، سیاسەت، خەتی سیاسی، ستراتێژی یا تاکتیکی سیاسی، یان لانی کەم لەسەر مەسەلە حیزبی و ڕێکخراوەییە گرینگەکان، ڕێك دەخرێ و دێتە ئاراوە. ئایا ئیدیعای کەوتنە ڕێی بزووتنەوەیەك لە دەورەی ئاڵا، ئەویش ئەو بەشە لە مەسەلەی ئاڵا کە لە کۆنگرەی دەدا پەسند کرا و بۆم باس کردن، زۆر بە نزم زانینی فەرهەنگی سیاسیی کۆمەڵە و سووکایەتی بە عەقڵییەتی هەمووان و بە عەوام زانینی کۆمەڵە نییە؟ ئەو چەپە مۆدێرنەی کە گۆیا ئێوە نوێنەرایەتی دەکەن لە دەوری ئاڵا بزووتنەوە پێك دەهێنێ؟

دەنووسن: "کۆمەڵە هیچ ڕێگایەکی دیکەی جگە لە ئاڵوگۆڕ نییە. یان بەرەو پێش بۆ نزیك بوونەوە لە چەپی مۆدێرن، یان بەرەو دوا بۆ لای چەپی سوننەتی و کلاسیکی دوور لە کۆمەڵگا. کۆمەڵە چیتر مەجالی ئەوەی نییە بە بەندبازی و بێشەهامەتی کار بەرێتە پێشەوە."

بۆ بێشەهامەتی لە سیاسەتدا، چتان عەرز کەم، خەڵکی دەرەوەی خۆمان وام پێ ناڵێن. بەڵام کێشەی چەپی مۆدێرن و چەپی سوننەتی لە کوێوە هات؟ لە ڕووی چ بەڵگەیەك؟ چ لێکدانەوەیەکی واقیعی، چ باسێکی نەزەری، ئەو فۆرمولاسیۆنە وەکوو خەسڵەتنومایی کێشەکانی کۆمەڵە دێتە ئاراوە؟ سیما و پێناسەکانی ئەو چەپە مۆدێرنەی ئێوە چییە؟ کەی و لە کوێ استدلالێك، سێمینارێك، مەقالەیەکی نەزەری لەسەر ئەو کێشەیە درا و کرا؟ برادەران، خۆ خەتی سیاسی ئاوا دروست ناکرێ کە لە نێوان قساندا دێڕیکیش فڕێ دەین. بۆچی ئێمە کاتی خۆی چۆن خەتی خۆمان لە کۆمۆنیزمی کرێکاری و لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران جیا کردەوە؟ بێجگە لە پێشینەی دەوڵەمەندی سیاسەت و فەرهەنگی کۆمەڵە، ساڵەها چاوی خۆمان کوێر کرد، ئەدەبییاتی

سیاسیمان خوێندەوە و لێکمان داوە، هەم مارکسیزمی کلاسیك و هەم ڕووانگەی ڕەخنەگر لەویشمان سەنگ و سووژن دا، چاومان بەو نووسراوانەدا خشاند کە چەپی هاوچەرخی ئورووپا لەسەر کێشە ئابووری و سیاسییەکان هەیەتی، بۆخۆشمان مەقالەمان نووسی، سێمینارمان دا، بەبێ ئەوەی جارێ دەستە و دەستەبەندی ساز کەین، بەبێ ئەوەی ئیحتیرامێکی کەس بشکێنین، هاتین هەموو بنەما نەزەرییەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، هەر لە بەرنامەی حیزبەکەوە، هەر لە "فوق سودە"وە تا "اشرافیت کارگری" هەر لە "ئیمکانی دێمۆکراسی لە وڵاتانی تحت سوڵتە"وە تا "ڕویزیۆنیسم" دامانە بەر ڕەخنەیەکی زانستیانە و لەسەرخۆ. سیاسەتەکانی ئەو حیزبەمان هەر لە باسی "شورا و اتحادیە"وە هەتا باسی "مەسەلەی میللی" و "نەقشی کۆمەڵە لە بزووتنەوەی کوردستان" و "ڕاپەڕینی ساڵی 1991 لە عێراق"، تا ڕەخنە لە سەرجەمی خەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری و ڕەت کردنەوەی حوکمەکان و تێزەکانیان کە پێشتر و تا ئەو کاتیش تەئسیریان لەسەر کۆمەڵە و لەسەر کادرەکانی و لەسەر چەپی ناوچەکە بەجێ هێشتبوو، هەموو ئەوانە و زۆر شتی دیکەمان بەوردی و بەشێوەی عیلمی دایە بەر لێکۆڵینەوە و هێنامانە سەر کاغەز و کێوێکمان ئەدەبییاتی سیاسی بۆ ئەو خەتە دەستەبەر کرد کە توانی ببێتە هۆی سەرکەوتنی نەزرەی و سیاسیمان.

ئێستاش هەر کەس کە مودەعی ئەوەیە خەتێکی دیکەی هەیە، یان وەکوو ئێوە دەڵێن "ئاڵوگۆڕ"ێکی سیاسی پێشنیار دەکا و مەسەلەن داوای ئەوە دەکا کە "چەپی مۆدێرن" جێی "چەپی سوننەتی" لە کۆمەڵەدا بگرێتەوە، لەسەریەتی ئەو ڕەنجە بەخۆی هەموار کا کە بخوێنێتەوە، لێبکۆڵێتەوە، دیالۆگ بکا، بنووسێ، سێمینار بدا و ئەوەندەشی بڕوا بەخۆی و کارە نەزەرییەکەی پەیدا کردبێ کە بتوانێ بەرگەی ڕەخنەی خەڵکی بگرێ و ئامادە بێ وەڵامیان بداتەوە. دەنا بە ڕیزکردنی کۆمەڵێك قسەی ناخۆش و بەرچەسپی ناحەز بە ڕەهبەری و بە فڕێ دانی یەك دوو عیبارەت وەکوو "ئاڵۆزیی سیاسی و فیکریی هاودووانە" و "ئیدەنتیتە" و "ئاڵوگۆڕ لازمە" خەت دروست ناکرێ. باوەڕ کەن، خەتی ئاوا بەرگەی هیچیش ناگرێ و بە پێشکەوتوو و مۆدێرنیش لە قەڵەم نادرێ. ئەوەی من لە هەموو شتێك لێی بێزارترم، بەسووك گرتن و بێقیمەت کردنی کاری تێئۆری و کاری نەزەریی ڕاستەقینەیە، کاری نەزەری و فیکری دەبێ بەجیدی بگیرێت و ڕێزی بۆ دابندرێ و خۆی لەسەر ماندوو بکرێ. هەرکەس بیەوێ بەراستی لەو بووارەدا کاری جیدی بکا، من ڕێزی لێدەگرم و لە کۆمەڵەشدا هیچ بەرگرییەکی لێناکرێ.

هەر لێرە و لەپەیوەند لەگەڵ مەسەلەی نەزەری و مەسەلەی خەتی سیاسی، یەك دوو پرسیار و تەوزیحی پچووکی دیکەش بە پێویست دەزانم. ئێوە لە نامەکەتاندا باسی ئەوە دەکەن "هیچ ڕێگایەکی دیکەی بێجگە لە ئاڵوگۆڕ نییە"، کە دیارە مەبەستیشتان ئاڵوگۆڕی نەزەری و سیاسییە، باسی "سەراحەت و شەفافییەت لە بەیانی نەزەراتدا" دەکەن، باسی ئەوە دەکەن کە "ڕەهبەریی کۆمەڵە دەبێ بەخۆیدا بێتەوە و بە نەترسی و شەهامەتەوە نەزەر و سیاسەتەکانی خۆی بێنێتە مەیدان"، باسی ئەوە دەکەن کە "رهبەریی کۆمەڵە هەر لە دەسپێکی ساغکردنەوە و جیایی لە حکا نەیتوانی ئەو ئاڵۆزییە سیاسی و فیکرییەی کە هاودووانەی بوو چارەسەر بکا"، باسی ئەوە دەکەن کە "بزووتنەوە لە دەوری حەرەکەی ئاڵا خۆی لەو قسەوباسانەدا دیتەوە کە... هەمدیسان مەسەلەی ئیدەنتیتەی (هویتی) کۆمەڵە هاتەوە بەر باس و باسی چەپ و ڕاست هاتەوە نێو جەدەلەکانی حیزبی" و شتی لەو بابەتە. بەڵام لە هیچ کوێدا دیار نییە کە:

**– مەبەستتان لەو ئاڵوگۆڕە نەزەری و سیاسییە چییە؟ ئەسڵەن بۆ گۆڕانێکی سیاسی لە کۆمەڵەدا پێویستە و چ جۆرە گۆڕانێك ؟ بۆچی پێتان وایە خەتی سیاسیی ئێستای کۆمەڵە دەبێ بگۆڕدرێ؟ پێتان وانییە ئەرکی تەوزیح لە عۆدەی ئێوەیە؟**

**– ئێوە بەخۆشییەوە و وەکوو یەکێك لە دەسکەوتەکانی "بزووتنەوەی ئاڵا" دەڵێن کە جارێکی دیکە مەسەلەی ئیدەنتیتە یا هویتی کۆمەڵەی هێنایەوە گۆڕێ. بۆچی ئایا لەسەر پێناسەی کۆمەڵە (ئیدەنتیتە یا هویت) قسەیەکتان هەیە و پێتان وایە دەبێ بگۆڕدرێ و هەر بۆیەش خوازیاری هێنانەوە گۆڕی دووبارەی ئەو باسەن؟ ئەگەر پێتان وایە، ئەی بۆ تووڕە دەبن ئەگەر پێتان دەڵێن دەیانەوی تابلۆی کۆمەڵە بگۆڕن؟ ئەگەریش وا نییە، ئەی ئەو کێشەیەتان لەسەر چییە و بۆچی کرانەوەی باسی هویت بە دەسکەوتێك لە قەڵەم دەدەن؟ ئایا پێتان وانییە ئەو باسە کراوە و بڕاوەتەوە؟ ئایا پێتان وانییە کە بۆ ئێوە کاتی ئەوە هاتووە کە "بە نەترسی و شەهامەتەوە نەزەر و سیاسەتەکانی خۆتان بێننە مەیدان"؟ ئایا پێتان وانییە کە لەوبارەیەوە تەوزیحێك بە کۆمەڵە قەرزدارن؟**

**– بۆچی باسی هاتنەوەی چەپ و ڕاست بۆ نێو جەدەلەکانی حیزبی بە شتێکی موسبەت لە قەڵەم دەدەن؟ فایدەی زیندوو کردنەوە یان تیژ کردنەوەی ئەو باسە چییە و چ قازانجێکی بۆ کۆمەڵە لێدەکەوێتەوە و چ بەرژەوەندێکی کۆمەڵەی تێدایە؟ ئایا پێتان وا نییە کە تەنیا دووبەرەکییەکی ناپێویستی لێدەکەوێتەوە؟ ئایا خەڵك ناهەقیانە ئەگەر پێتان بڵێن دەمێکە بەئەنقەست خەریکن کێشەی ڕاست و چەپ لە کۆمەڵەدا هان دەدەن؟**

**– ئەو ئاڵۆزییە سیاسی و فیکرییەی کە هەر لە سەرەتاوە هاودووانەی کۆمەڵە بوون، کامەن؟ مەبەستتان لە هاودووانە چییە؟ مەبەستتان، بەزمانی سادە بیڵێین، کوردایەتی و چەپایەتییە؟ پێیتان وایە ئەو دووانە نابێ هاودووانە بن و دەبێ لە کۆمەڵەدا لێك جیا بکرێنەوە؟ ئەگەر ئەوانە نییە، ئەی مەبەست لە ئاڵۆزیی فیکری و سیاسی هاودووانە چییە؟**

**هاوڕێیان، ئێوە تەنیا دەنووکێك لە هەر کام لەو باسانە دەدەن، ئیبهام و دوودڵییەك پێك دێنن، بەڵام هیچ شتێك تەوزیح نادەن، هیچ شتێك روون ناکەنەوە، هیچ شتێك شی ناکەنەوە. دەکرێ زەحمەت نەبێ ئەمجارە من داوا لە ئێوە بکەم شەهامەتتان هەبێ و شەفافییەتتان هەبێ و لەنێوان دوو کورسی دامەنیشن و بە نەترسی و شەهامەتەوە بە نەزەرەکانی خۆتانەوە بێنە مەیدان؟ بەراستی ئەم بانگەوازە بۆ ئێوە باشە، چونکە خەتی سیاسیی کۆمەڵە روونە و بارەها نووسراوە و ئەوەندەشمان لە هەموو بۆنە و موناسەبەتێکدا باس کردووە زمانمان کول بووە. خەتی رەسمیی کۆمەڵە زۆر شەفافە، زۆر بە راشکاوی و بوێریشەوە باس کراوە، ئەگەر ئێوە خەت و نەزەرێکی دیکەتان هەیە لەسەر ئێوەیە کە بەسەراحەتەوە باسی بکەن و بە شەفافییەتەوە شی بکەنەوە، ئەگەریش نیتانە و هەر خەتی رەسمی و راگەیەندراوی کۆمەڵەتان قبووڵە، ئەی ئەو جۆرە دەنووك لێدانە لە جیاوازیی نەزەری و سیاسی چییە؟ بەهەرحاڵ ئێوە ناتوانن لەجیاتی شی کردنەوەی نەزەری خۆتان خەڵکی بەوە تاوانبار کەن کە حەتمەن وەکوو ئێوە بیر دەکەنەوە بەڵام لەبەر بێشەهامەتی و بێجوربوزەیی باسی ناکەن. دووپاتی دەکەمەوە، لەبیرتان نەچێ کە ئێوەن تەوزیحێك بە کۆمەڵە قەرزدارن.**

هەر لە درێژەی ئەم جۆرە هەڵوێستەدا لای ئەم و ئەو و بەدەنگۆ دەڵێن ئێوە لە خەڵکی کوردترن، بەڵام مەعلووم نییە ئێوە چ بەرنامەیەکی سیاسی و رۆشنبیریتان بۆ کوردستان هەیە کە خەڵکی دیکە نییەتی، کام گەڵاڵەتان بۆ چارەسەرێکی باشتری کێشەی کورد داوە، کام پێشنیارتان بۆ بردنەسەری ئاستی رۆشنبیریی کوردی کردووە؟ بە چ حیسابێك ئێوە دڵسۆزتر و بەپەرۆشترن بۆ کورد؟ لەراستیدا کوردایەتییەکەتان زۆرتر وەکوو دەسکایەیەکی سیاسی و بەخەیاڵی خۆتان وەکوو چەکێکی تەشکیلاتی وایە و ئەو جۆرە کوردایەتییە لە روانگەی منەوە هیچ رەسەنایەتییەکی نییە. بۆ من کێشەی کورد لەوە رەواتر و لەوەش جیددیترە کە بکرێتە دەسکایەیەکی ئاوا هەرزان بایی.

من بەتەما نیم یەکە یەکەی وردەکارییەکانی نامەکەتان وەڵام بدەمەوە، هەرچەند بەراستی زۆر لەوە زیاتریش هەڵدەگرێ، بەڵکوو بۆیە ئاماژەم پێکردن تا نیشانی بدەم چەندە ناهەقی و ناراستی تێدایە و بە چ زمانێکی ناهاوڕێیانە و تەنانەت ژەهراویش لەگەڵ حیزبەکەی خۆتان دەدوێن. من دەمێکە بیر دەکەمەوە داخۆ ئێوە (دیسان دەڵێم نازانم هەمووتان، بەڵام مەجبوورم وەکوو نووسەرانی نامە پێتان بڵێم ئێوە) و چەند هاوڕێی دیکەمان بەتەمای چین و بۆ وا دەکەن. بەڕاستی ئێستاش ناتوانم تەوزیحێکی روونی بۆ بدۆزمەوە، بەڵام دەزانم لانی کەم ساڵێکە بە دژی رەهبەریی کۆمەڵە خەریکی سرت و خورت و کاری بەدزین، لەنێو خۆتاندا حیزب دەر حیزبێکتان دروست کردووە، خەریکی دەستە و دەستەبەندین و خەڵك لە خۆتان کۆ دەکەنەوە بەبێ ئەوەی ئەو دەستەبەندییە هیچ بنەمایەکی سیاسیی تەعریفکراویشی هەبێ، نەخشە بەدژی ئەم و ئەو دەکێشن و کەمپەین لە دژی ئەم و ئەو دەخەنە رێ، نامەپەڕاکەنی و "افشاگری"تان کردۆتە شێوەکارێك بۆخۆتان، رۆحی دڵساردی و بێهیوایی بە کۆمەڵە و سیاسەتەکانی بڵاو دەکەنەوە وەکوو ئەو کۆبوونەوانەی دوای هاتنەوەتان لە کوردستان لە سەر کۆنگرەی یازدە داتاننا و بەوپەڕی مەنفیبافی و سووکی باسی کۆنگرەتان کرد، سیاسەتی حەزف ئەگەر هەبێ پارچێکە و بڕاوە بە بەژنی ئێوە چونکە زۆر متعصبن و یەك نەفەر بێجگە لە خۆتان لەنێو خۆتان قبووڵ ناکەن، هەڵسوکەوتتان زۆر رەق و توندڕەوانەیە و بەرامبەر بە بندەستی خۆتان زۆر بێگوزەشتن، شتێك یا کۆبوونەوەیەکتان بەدڵ نەبێ خەڵك فێر دەکەن هەرا هەرا بکەن و جەلەسات بشێوێنن وەکوو ئەوەی لە کۆنفرانسی ئەم جارەی مەڵبەندی سکاندیناوی کردتان، یەکێك لە هۆکارەکانی بێانسجامی لە مەڵبەندی سکاندیناوین و ئەو شوێنەتان کردۆتە مەڵبەندی شەڕ و کێشە و دووبەرەکایەتی و دڵئێشی و دەستەبەندی، لەم یەکساڵەدا هاوڕێیانی کۆمەڵەتان لە سکاندیناوی کردۆتە دوو بەش و لەگەڵ یەکتر بەشەرتان داون، لەجیاتی ئەوەی کێشە پچووکەکانیان بۆ چارەسەر بکەن لێتان کردوون بە کێشەی گەورە و قووڵ و هەموو ئەو مەڵبەندەتان تووشی قەیران و دووبەرەکایەتی کردووە.

کاك هێرش لە پشت تریبوونی کۆنفرانسی مەڵبەندی سکاندیناوی بەشێوەیەکی هەڕەشەئامێز لە من دەپرسێ: ئایا فلانەکەس قسەکەی کاك ئەبووبەکری مودەریسی قبووڵە کە دەڵێ کۆمیتەی مەڵبەندی پێشووی سکاندیناوی خزمەتیان بە انسجامی تەشکیلات نەکردووە؟ کوڕە کاك ئەبووبەکر کەمی وتووە و زیادی نەوتووە، بەڵام من بۆیە لە وەڵامدا گوتم کە بەباشی نازانم لێرە لەسەر ئەو مەبەستە بدوێم چونکە نەم دەویست بەحوزووری ئەندامان ئەم قسانەتان لەسەر بکەم و ئەحیانەن لە سەر هەڵبژاردنی کۆنفرانس تەئسیرێك دانێم.

له وتارەکەشمدا تەنیا باسی انسجام و یەکریزیم کرد و بەراستیش لەو باوەڕە دام کە انسجام و یەکڕیزی کلیلی هەموو سەرکەوتنێك و تەنانەت مەرجی هەموو ئیسلاحاتێکی راستەقینەشە بۆ کۆمەڵە. من بە حیسابی خزمەت و تێکۆشانی خۆتان، بە حیسابی ئەرکی خۆم وەکوو سکرتێری کۆمەڵە و بەحیسابی ئەوەش کە من شەخسەن ئەهلی مودارا و هەڵکردن لە گەڵ هەموو لایەکم، لە کۆنفرانسی مەڵبەندی سکاندیناوی لەسەر ئەو شتانە بێدەنگ بووم. بەڵام وادیارە بێدەنگی من بەخراپ تەعبیر کراوە و بە "بێشەهامەتی" و "بێسەراحەتی" و "بێجوربوزەیی" و "بەینی دوو کورسی دانیشتن" لە قەڵەم دراوە. (هەمووی ئەو وشانەنەش عەینەن لە نامەکەتان وەرگیراون.) زۆر باشە بابە گیان، ئەوەی لەویٚ موراعاتم کردن و نەم کرد، بەچاوان لێرە دەیکەم.

رەهبەریی کۆمەڵە دەمێکە لە هەموو لایەك و بە هەموو زمانێك خەریکە باسی انسجام و پتەوی دەکا، دەمێکە باسی یەکدەنگی و یەکڕیزی دەکا. من لێرەدا جارێکی دیکەش داواتان لێدەکەم کە بەتەواوی و بەئیگجاری لەو شێوەکارە، لەو حیزب دەر حیزبە، لەو دووبەرەکایەتییە، لەو کەمپەین ساز کردن و بەگژ ئەم و ئەودا چوونە، لەو نامەپەڕاکەنی و دەستەبەندییە دەست هەڵگرن، تەئکید دەکەمەوە بەتەواوی و بەئیگجاری دەست هەڵگرن. چونکە ئەو وەزعە هەم بۆ کۆمەڵە و انسجام و ئیعتیباری بەزیانە و هەم بە دڵنیاییەوە بۆ خۆشتان هیچ سوودێکی تێدا نابیٚ. پێشتان وانەبیٚ ئەگەر چەند نامەیەکی وەکوو ئەوەی خۆتان بڵاو کەنەوە داخوا لە کۆمەڵەدا چ دەقەومیٚ، هیچ ناقەومیٚ. ئەگەریش پێتان وایە داخوا کارێکی گەورەتان لەدەست دیٚ و من درێغیتان لێدەکەم، کەیفی خۆتانە و گردنتان خۆش و ئازا بیٚ، فەرموون چ دەنووسن بنووسن. دەمەویٚ وەکوو هاوڕێیەك و وەکوو برایەك کە رەنگە کراسێکی لە ئێوە زیاتر دڕاندبیٚ، مەترسیدار بوون و زیانمەند بوونی ئەو رەفتار و شێوەکارەتان نیشان دەم.

لە مەوزیعێکی لەسەرەوە و بە ئامۆژگارییەکی هەڕەشەئامێزەوە روو لە رەهبەریی کۆمەڵە دەنووسن: "ئەو کایەی ئێوە دەیکەن مەترسیدارە." نەخێر قوربان، کۆمەڵە و رەهبەرییەکەی خەریکی هیچ کایەیەك نین، ئێوەمانانێك خەریکی کایەیەکن، کایەیەکیش کە بەراستی مەترسیدارە. چونکە نەك هەر لە کۆمەڵە لە هیچ حیزبێکدا ناکۆکی وا و کێشەی وا تا سەر قبووڵ ناکریٚ. لە کۆمەڵەشدا رۆژانی قبووڵ کردنی ئەم شێوە هەڵسوکەوتە روو لە کۆتاییە.

لەگەڵ ئاواتی سلامەتی و شادیتان،

عەبدوڵلای موهتەدی

31ی ژانویەی 2007